www.kurdistannet.org
20-3-2007 17:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هاواری نەفەسە قەتیسەکان ... شەماڵ

پێش کەشە بە 70شۆرە سواری ڕێی شۆڕش و5000 نەفەسی قەتیس کراوی دەس میردەزمەی شەوگاری ڕەش



ئاسمان ساماڵ
هەتاو دەمی بە پێکەنین
دوا هەناسەی هەموو خەمێك
بەرەو كۆتایی بوون
هەنگاوەكانی هەڵدەگرت
یاخی بوون لە ترازدیادا
گەیشتە دوایین پلەی خوی و
سەدەی بیستەم لەخۆیاخی.
كوردستان تاقیگەیەك
لە بۆ دنیای بەربەریەتی
داپڵۆسێنەری سەرمایە.
شوناسی ئەم
جۆرە لە باسی مرۆڤ بوون
خوی لەو گەردەلوولەدا دەدیەوە
كە وا دوایین دەقی
یاخی بوونی خۆی دەسەپاند.
چ كارەساتێكی داغدار
لە دنیای پیشكەوتن دا
دەسكەوتی خۆت
گەرووی ماندوونەحەساوەت
دەخنكێنێ و
وشك وشك
ڕەهێڵەك لە بارانی
نوقم بووی ناو
چاوە زیتەڵەكانی
بە سەر گوێی دڵتدا
دەبارێنێت.
ئەمە ژانی گرگرتووی
كام هەوری ڕشە
كەوا ددان دەكاتە وەو
برسی ئاسابەچركەیەك
پێنج هەزار جار
ناخی دڵی هەموو گوڵێك
دەژاكێنێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەناسەی گشت
بەیانیەکان، بە سووتانی
بووبە ژیلە مۆی ئاگری
شۆڕشە سوورەکەی
کوردستان
ترووسکەی شاباڵی سووری
هەڵووی چیای
دڵەگەورە و خوێنینەکەی
عومەری خاوەر بوو
کەوا، کۆرپەی شۆڕشی
لە باوەش گرت
حەفتاشۆڕە سواری شۆڕش
ڕوولە ڕووی مەرگ
مردنیان بۆ دوژمن
نووسی و
سنوور و ڕووبار و سیروان
بەرگەی خروشیانی نەگرت.
16ی سیە و
هەناسەکان لە ناو
دڵی هەموو
شەقام و کۆڵانێکی
شارە شەهیدەکەی
هەڵەبجەدا
حەیرانی سەربەستی دەچڕن و
ئاوازی ناخی ئەو
باڵندە باڵ سووتاوانەی
دەهۆننەوە
کە بۆ ئازادی هەڵفڕین و
بە ئاگری سووتکی
شەوەزەنگی تاریکی
هەڵپرووزان
ئەمە قرچەی دڵی
دایکی ئێمەس
کە بروووسکەی
حەفتا ئەستێرەی
تووڕە بوو و
هەڵچوو لە دەس
شەوەزەنگێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکاتە بەرۆکی یەخەی
مێژووی پڕلە چاوەڕوانی
ئەم رۆژهەڵاتە دا
ڕێ دژوارەو
هەورازێکی سەخت ولێژە
وەیشوومەیەکی سامناکە
دنیا تاریك
گەرای هەموو
ماسیە چکۆڵەکانی
ناوچاوانی
ئەم پاییزە خەمناکە
وەك دانە دانەی
گوەی هەنارە زامدارەکان
لە ناو دووکەڵی زامی
خۆیاندا غرق بوون.
هەور گرمەی
لە دڕندەیەکی دڕ دەچێت
هەر وەك هارەی
چەرخی زەمەن
وەك ویژدانی دێوەزمەیەك
کە تەنیا شەو
هەناسەی ئەو
خەنی دەکات
سیروان کوڵی هاتووتە سەر
لە تاو گەرمی
لەشی خۆی دا دەتوێتەوە
وشك وشك
وەك خەونی بارانێکی سووتاو
ئاگری غەمی لیًدەبارێ
پۆلێك هەلٌۆی
شەلاڵ لە خوێنی برینی
دەس شەوی ڕەش و
قاقرستان و وشکەڵانی
هاتوون بۆ
دیداری ئەو
باغچە پڕلە گوڵە سوورەی
5هەزار جار
بوون بە خەڵۆز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەتا وەکووبڕیارنامەی
وەرزی ئازادی
داڕێژن و
بە ویژدانی کپ و خامووش
رابگەیەنن:
ئێرە گڵکۆی
شریخەی ئەو
شاباڵە کۆچەرانەیە
کە سواری هەناسەیەکی
ژیلە مۆیی بوون
هەتا بریسکەی شاباڵیان
هەڵگیرسێنێ مەشخەلانی
ئاگری شۆرش.
ئێستە ئیدی
حەفتا هەڵۆی سەربەرزی
چیای شۆرش
بە گڕ داڵی لاشە خۆردا
دەچنەوەو
لە میوانی
5هەزار کۆتری سپی دان
من نازانم
ئەم برینە چۆن سارێژ کەم
یەکجار سەختە
ئەم تاریکیە گیرانی هەتاویك نیە
برینێکی کاریە و
یە کجار سەختە سارێژ بوونی
ئەمە خەمی شەهید بوونی
هەڵەبجەیە و
شە وەزەنگیکی تاریکە
لە شارستانیەت و ژیاردا
شەماڵ
2007/3/16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.